# شوناسخوازیی نەتەوەیی لە فەزای سایبێرنێتیک

ڕێباز قادری

”

شوناس چەمکێکە کە گوزارشت لە ڕەوشت و کردەوەی تاک دەکات کە ڕیشەی لە بارهێنانی بنەماڵەیی، پەروەردەی فەرهەنگی و باوەڕگەلی کۆمەڵایەتیدا هەیە و کەسیەتیی تاکێک یان کۆمەڵگایەک پێکدهێنێت. کارەکتێرە دیارەکانی شوناس لە ئاستی کۆمەڵگادا، چوارچێوەی بنەرەتیی «شوناسی نەتەوەیی» پێکدەهێنن و ئەم جۆرە لە شوناس، نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ترجیادەکەنەوە.
شوناسی نەتەوەیی لەسەربناغەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی سیاسی، باوەڕگەلی فەرهەنگی و کراوەیی ئەو لە ڕووی پەروەردەی تری فەرهەنگی، تووشی لێکترازان دەبێ و بە چەمکێکی ڕێژەیی و ئەمڕۆیی وەردەگێردرێت.

“

## پوختەی وتار

گەشـــەی لەڕادەبـــەدەری زانیارییـــەکان و تەنینەوەی هەموو جیهان بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی «ئینتێرنێـــت»، فەزایەکـــی خوڵقانـــدووە کـــە پێدەچێـــت هەموو دنیا لە بـــواری فەرهەنگی و شوناسەوە بەرەو ئاقارێکی یەکدەست و یەکڕەنگ بروات. گەشـــە و تەقینـــەوەی زانیارییەکان لە فەزای مەجازیدا، ڕۆڵێکی دوولایەنەی لە زۆرێک لە وڵاتانی لێ کەوتەوەتەوە. وا پێدەچێت کە لە ئاکامی تێکنۆلۆژیـــی زانیارییەکان(IT)، زۆربەی وڵاتانی جیهان لە بواری شـــوناس و شوێنەواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرەو یەکدەســـتی و یەکڕەنگی بڕۆن بـــەڵام لە هەمان کاتدا، فەزای سایبێری و ئینتێرنێت لە بەشێک لە کۆمەڵگای جیهانـــی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە لە کەمینە ئایینـــی و نەتەوەییـــەکان پێکدێـــن، دەرتانی خۆناســـینەوەی شوناســـی نەتەوەیی و ئایینیی خوڵقاندووە.

لـــەم وتارەدا کە بەشـــێوەیەکی زانســـتی و بە کەڵـــک وەرگرتن لە شێوازی(تەوســـیفی - تەحلیلی) ئامادەکراوە، هەوڵ دەرێت وڵامی ئەم پرســـیارە بدرێتەوە: ئایا فەزای سایبێرنێتیک لە پرســـی شـــوناس، دەتوانێ ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەبێت؟

## وشە سەرەکییەکان

فـــەزای ســـایبێرنێتیک، شـــوناس، شوناســـی نەتەوەیی، شوناسی ئەتنیکی، کوردستان

## ١. پێشەکی

پەرەســـەندنی خێـــرای فـــەزای زانیارییەکان و تەنینـــەوەی هەموو جیهان بە تۆڕی ئینتێرنێت، بە شـــێوەیەکی کردەیی دۆنیای وەک گۆندێکی بچووک دەرهێناوە و گۆڕینەوەی زانیارییەکانی لە زووترین کاتدا پراکتیزەکردووە. پێکەوەنووسانی «کات» و «شوێن» لە فەزای مەجازیدا لەلایەکەوە، شێوەیەک لەویکچوون(هەمسانی)ی لە زۆربواردا لە زۆربەی وڵاتان خوڵقاندووە و لە لایەکی ترەوە دژکردەوەی کەمینە ئێتنیکییەکانی بۆپاراستنی فەرهەنـــگ و کەلتووری نەتەوەیی و خۆماڵی لە بەرانبـــەر تەوژمی فەرهەنگـــی زاڵی جیهانی لێ کەوتووەتەوە.

هەرئێستا چەمکی گرینگ لە پانتاییی زانستی ئینسانی، دیاردەی بەجیهانیبوون و وەیەکچوونی فەرهەنگییە؛ بەشـــێوەیەک کـــە دەڵێن جیهان لەبەر تیشـــکی تێکنۆلۆژیی پەیوەندی-زانیاریی نـــوێ، بەشـــێوەیەکی خێـــرا بەرەویەکبوون و توانەوە لەنێو فەرهەنگی زاڵی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەڕوات. لـــەم پێناوەدا، دیـــاردەی «ئینتێرنێت» وەک یەکێک لە شـــوێندانەرترین کەرەسەکانی بەجیهانیبوون باسی لێوە دەکرێت.

هەرچەندە هەنووکە، تێکنۆلۆژیی زانیارییەکان تارادەیەکـــی زۆر، کۆمەڵـــگا جۆراوجۆرەکانـــی بەرەو ئاوێتەبوونی (ئاسیمیلاســـیون) فەرهەنگی بردووە؛ بەڵام هەرئەم شـــەپۆلە نوێیە لە بەشێک لـــە وەڵاتان بەتایبـــەت لە بازنـــەی کاریگەریی کەمینە نەتەوەییەکان، خۆناسینەوە و پاراستنی فەرهەنگ و شوناســـی نەتەوایەتیـــی ئەوانی لە بەرانبەر هەرەشـــەی توانەوەی فەرهەنگی زاڵی جیهانی و ناوچەیی لێ کەوتووەتەوە.

هەرئێســـتا لەبەشـــێک لـــەو وڵاتانەی کە گرووپـــی نەتەوەییی زاڵ، هەوڵـــی لەناوبردن و توانـــەوەی فەرهەنگی کەمینـــە نەتەوەییەکانی ژێردەستی خۆی دەدات، دیاردەی «ئینتێرنێت» و فەزای سایبێر، دەرتانێکی زۆرباشی بۆنواندنی فەرهەنگی گرووپ گەلـــی نەتەوەیی و کەمینە ئێتنیکی و ئایینەکانی پێکهێناوە.

## ٢. چەمکە گشتییەکان

### ٢-١- شوناس

شوناس(هویت)، هەڵگری» کەسیبەتی»ی مرۆڤە، واتە تاک یان گرووپێکی ئینســـانی، خۆی چۆن پێناسە دەکا و دەیهەوێ چۆن خۆی بناسینێت و یـــان چۆن بناســـرێت. شـــوناس، وڵامێکە بۆ پێویستییەکی سروشـــتی لە نێو مرۆڤ لە پێناو ناســـاندنی خۆی لە چوارچێـــوەی زەنجیرەیەک

لەدیاردەگەلی فەرهەنگی، مێژوویی و جۆگرافیاییدا(مۆجتەهێدزادە، ١٣٨١، ٦٦).

شوناس بە مانای چێیەتی و کییەتییە و لە پێداویستییەکی سروشتیی ئێنسان، بە ناساندن بە شتێک و یان شوێنێکەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم هەستە گرێدراوە، لە سەربنەمایەکی دەروونی(غریزی)ی هەڵقوڵاوە. دابین بوونی ئەم پێداویستییە، دەبێتەهۆی «خۆدئاگاهی»ی تاکی لە مرۆڤدا و تێراو بوونی ئەم ویستە لەنێوگرووپێکی ئێنسانی، خۆدئاگاهیی بەکۆمەڵ و هاوبەش یان» شوناس»ی قەومی، هۆزەکی و یان نەتەوەییی ئەوگرووپە. ئەم خۆدئاگاهییە لە کاتێکدا ئاستی نەتەوەیی بەخۆی دەگرێ کە لە بەراورد لەگەڵ شوناسی گرووپێک لە نەتەوەکانی ترهەڵسەنگێندرێت(مۆجتەهێدزادە، ١٣٨٧، ١٤٥).

شوناس چەمکێکە کە گۆزارشت لە ڕەوشت و کردەوەی تاک دەکات کە ڕیشەی لە بارهێنانی بنەماڵەیی، پەروەردەی فەرهەنگی و باوەڕگەلی کۆمەڵایەتیدا هەیە و کەسیەتیی تاکێک یان کۆمەڵگایەک پێکدهێنێت. کارەکتێرە دیارەکانی شوناس لە ئاستی کۆمەڵگادا، چوارچێوەی بنەرەتیی «شوناسی نەتەوەیی» پێکدەهێنن و ئەم جۆرە لە شوناس، نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ترجیادەکەنەوە.

شوناسی نەتەوەیی لەسەربناغەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی سیاسی، باوەڕگەلی فەرهەنگی و کراوەیی ئەو لە ڕووی پەروەردەی تری فەرهەنگی، تووشی لێکترازان دەبێ و بە چەمکێکی ڕێژەیی و ئەمڕۆیی وەردەگێردرێت(حەقدار، ١٣٨٠، ١٨٨).

«شوناس» سەرچاوەی مەعنا و ئەزموون بۆ خەڵکی کۆمەڵگایەک دەبێت. هەروەهاکە «کالنهێن» دەنووسێ هیچ خەڵکێکی بێ ناونیشان ناناسین و هیچ زمان و کەلتوورێک بەدی ناکرێت کە لە نێوان خۆی و ئەویتر، ئێمە و ئەوان، جیایی پێکنەهێنێت. لە حەقیقەتدا، ناسینەوەی بوونی هەرتاکێک لە ڕەوتێکی درێژخایەن لەجیاکردنەوە لە ئەوانیتر پێکدێت. ئیتنیکی ئێمە و ئیتنیکی ئیوە، ئایینی ئێمە و ئایینی ئێوە، وڵاتی ئێمە و وڵاتی ئەوان(مەدەدپوور، ١٣٨٣، ٦٣).

کاستێلز، شوناس بە ڕەوتێک لە ماناسازی دەزانێت کە لە سەر بناغەی تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی پێناسە دەکرێ(هەمان سەرچاوە، ٦٣).

خاڵێکی تر کە دەبێ لە شرۆڤەی شوناسدا ڕەچاو بکرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی(تقابل) بۆچوونە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکانە لە ئاست ئەم چەمکەدا.

بەشێک لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی، شوناس لە ئاستێکی تاکی و دەروونناسییەوە باس دەکەن بەڵام بەشێکی تروەک «هێربێرت مید» شوناس لە چوارچیوەی کۆمەڵگادا شرۆڤە دەکات و چەمکی»شوناسی کۆمەڵی»، بۆ پەیوەندی لە نێوان تاک و کۆمەڵگا بەکار دەهێنێت(دەوران، ١٣٨٢، ٦٢).

لە جیهانێک کە تووشی ئاڵوگۆڕێکی وەها خێراهاتووە، خەڵک بە دەسپێکی نوێ و لە دەوروبەری شوناسگەلی ئایینی، ئێتنیکی، سەرزەوینی و نەتەوەیی، کۆدەبنەوە(کاستێلز، ١٣٨٠، ٢٩).

لەم نێوەدا، شوناسی نەتەوەیی، بۆ یەکگرتووکردنی کۆمەڵگا و بەرگری لە پەرتەوازەبوون، ڕۆڵێکی بنەرەتیی هەیە. لە واقیعدا، شوناسی نەتەوەیی وەک چەترێکی سێبەرهێنەر، هەموو وردەکەلتوورەکان بەرەو یەکگەرتوویی نەتەوەیی لە ئاستی وڵاتدا کۆدەکاتەوە(هەمان، ٦٣).

شوناسی نەتەوەیی یان شوناسی کۆمەڵگەیی، بەرزترین ئاستی شوناسی کۆمەڵی لە نێو هەر وڵاتێکە و شوناس وەرگرتن لەم ئاستە(لە گەڵ نەتەوەیەک) سەرچاوەی شوناسی کۆمەڵی و لە ئاکامدا شێوەیەک لە هەستی خۆ-کۆمەڵی(خودجمعی)، کە بە شوناسی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت؛ دێنێتە کایەوە(دەوران، ١٣٨٢،

.(۶۲

شێخاوەندی، شوناسی نەتەوەیی بە دوایین شوناسی وەرگیراو(اکتسابی) دەزانێ کە لە ڕەوتی(Sociability) لە لایەن بنەماڵە، قوتابخانە و میدیاوە وەردەگیردرێت(هەمان، ۶۳).

هەرلە کۆنەوە لە پاڵ شوناسەکانی تاکی و نەتەوەیی، شوناسی ئێتنیکی و ئایینیش لە ئارادا بووە. لەو وڵاتانەی کە بە هۆی دەسەڵاتێکی شۆڤێنی و پاوانخوازەوە، دەرەتانی بووژانەوەی شوناسی کەمینە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا نادرێ و بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی فەرهەنگ و کەلتووری ئەوان دەدرێ؛ ئەو جۆرە زەخت نواندن لە ئاستی وڵاتدا، دەبێتە هۆی بووژانەوەی هەستی خۆئاگاییی نەتەوەیی لە نێو ئەو کەمینانەدا؛ کە ئاکامەکەی هوشیاری و شوناسخوازیی ئێتنیکیی لێ دەکەوێتەوە.

دیوانی سزای نێونەتەوەییی ڕواندا، لە پێناسەیەکدا، گرووپی ئێتنیکی بەم جۆرە پێناسە دەکات: «گرووپی قەومی بە گشتی بە گرووپێک دەوترێت کە لە بواری زمان یان فەرهەنگدا پەیوەندیی هاوبەشیان هەبێت». لە شوێنێکی تر دەڵێت: گرووپی ئێتنیکی گرووپێکە کە بەو جۆرەی کە هەن خۆیان دەناسێنن و خۆیان لە ئەوانیتر بەجیا دەزانن و یان گرووپێکە کە لەلایەن ئەوانی ترەوە، بەتایبەت تاوانباران، بە گرووپێکی جیا لە خۆیان دەناسێنرێن(عەزیزی، ۱۳۸۵ ، ۷۵).

### ۲-۲- فەزای سایبێرنێتیک

«وینێر»[۱] وەک خوڵقێنەری زانستی سایبێرنێتیک دەڵێت: وشەی «سایبێرنێتیک» لە بوارەی بنچکەوە، وشەیێکی گریکی(یوونانی) یە، واتە «کۆبرنیتس» بە مانای سوکاندار و وەرگیراوە(دەوران، ۱۳۸۲، ۵۸).

«کیزا» فەزای سایبێر بە فەزایەک دەناسێ کە هەڵقوڵاوی زانیاریی نادیارە. زانیارییەک کە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێت. ئەوبۆ ناسینی ئەم چەمکە و ڕوونکردنەوەیەکی باشتر بۆ ئەم فەزایە، تۆخمگەلی ئەم فەزایە وەک ئینتێرنێت یان تۆڕی جیهانی دێنێتە کایەوە(هەمان، ۵۸).

بەشێک لە بیرمەندان فەزای مەجازی وەک کۆمەڵگایەک دەشوبهێنن و لە پێناسەکردنیدا دەڵێن: کۆمەڵگای مەجازی بریتییە لە ئەزموونی هاوبەش لە فەزای پەیوەندییەکان، لەگەڵ کەسانێک کە نابینرێن(نیکفەرجام، ۱۳۸۵، ۱۱۶).

فەزای مەجازی بە پێچەوانەی فەزای واقیعی، شوێنێکە کە مرۆڤ «نیشتەجێ» شوێنێکە کە بوونی ماددیی نییە بەڵام هەبوونی هەیە. هەروا کە ئەم فەزا بێ شوێنە، لەبەرئەوەی کە لە چوارچێوەی فەزای ماددیدا پێناسە ناکرێ، یاساگەلی فیزیکی لەم فەزایە کاریگەرییان نییە. لە فەزای مەجازیدا «بەرچاوگەی فەرهەنگی»[۲] بە شوێنێک دەگوترێ کە ڕووبارەکان دەتوانن بەرەو ژوورایی تەپۆڵکەکان ڕەوان ببن و یان دارستانێکی شووشەیی لە دارەکان سەوزببێت(وەسووقی، ۱۳۷۵، ۵۶).

هەنووکە پێشکەوتن و گەشەی خێرای تێکنۆلۆژی، هیچ جۆرە بەرنگارییەک هەڵناگرێت و تێچووی پێویست بۆ دروستکردنی پەیوەندی بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو دابەزیوە.

پێدەچێت لەم بەرەنگار بوونەوەیەدا «کات»[۳] تەنیا تەسلیم بوونی بۆ مابێتەوە و «فەزا»ش چارەنووسێکی هاوشێوەی «کات»ی بۆ چاوەڕێ دەکرێت و بە شێوەیەکی بێ وێنە، فەزا، چکۆلە و چکۆلەتردەبێتەوە(گوڵ مۆحەمەدی، ۱۳۸۳).

لە کۆتاییی دەیەی ۱۹۷۰ی زایینی، ئینتێرنێت لە پانتاییی جیهاندا خۆی نیشان دا و لە دەیەی هەشتای زایینیدا، ئەم تۆڕە گشتییە» ئینتێرنێت» ناو نرا.

ئینتێرنێت لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەکی خێرا و سەرسوڕهێنەر گەشەی سەند. لە سەرەتادا سەدان و هەزاران زانکۆ، سەنتەری زانستی و ناوەندی دەوڵەتی، کامپیوتێرەکانیان

بەم تۆڕە نوێیەوە بەستەوە.
لە دەیە ی ١٩٩٠ی ز، ئینتێرنێت لە گەشەی خۆیدا هەروا بەخێرایی گەشەی کرد؛ کە بە پێی بەشـێک لە لێکۆڵینەوەکان، ڕێژەی پەیامەکان کە لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە دەنێردرا، هەرمانگێک بـە ڕێژە لە گەڵ مانگی پێشـووی، ٢٠٪ زۆرتر دەبوو(وەسووقی، ١٣٧٥، ٥٤).
ڕۆژگارێـک خێرایـی ناردنـی دەیتـا لە چوارچێوەی ئینتێرنێتدا لە وڵاتی ئامریکا ٥٦٠٠٠ «بیت»[٤] لە یەک چرکەدا بوو(هەر پیتێک ٨بیت دەبێت). لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئاشکرا بوو کە ئەم خێراییە بۆ گواسـتنەوەی زانیارییەکان زۆر کز و لاوازە. دوای چەند سـاڵ خێرایی گەیشتە یەک و نیو ملوێن بیت لە چرکەدا و ئیستا(١٩٩٥) بە ٤٥ ملوێن بیت لە یەک چرکەدا گەیشـتووە. ئەم خێراییە، هێشتا دڵخوازی کارناسان نییە و ئەوان هەوڵ دەدەن خێرایی ئینتێرنێت بە دوو مێلیارد بیت لە چرکەیەکدا بگەیەنن؛ کە ئەگەر ڕوو بـدات، دەتوانرێت هەموو ئینسـکلۆپیدیای بریتانیـکا کـە نزیک بـە ٣٠٠٠٠ لاپەڕەیە، لە ماوەی یەک یان دوو چرکەدا، بۆ هەرشـوێنێک بنێردرێت(هەمان، ٥٤).
هەنووکە نیشتەجێبوون لە فەزای مەجازیدا کارێکی زۆر سادەیە. کامپیووتێرێک و مۆدێمێک دەتوانێ بە ئاسـانی پەیوەندیت بە ئینتێرنێتەوە ساز بکات. بێ گۆمان ئینتێرنێت، تەنیا شوێنێکە بـۆ چوونەناوەوەی، پێویسـتی بە ئیـزن و ویزا نییە(هەمان، ٦١).
لـە ڕوانگـەی بەشـێک لـە بەکاربەرانی ئینتێرنێـت، فـەزای مەجـازی یان سـایبێر، شـوێنێکی ڕەها و ئازاد لە هـەر جۆرە کۆت و بەندێکـە. کە ئـەم بۆچوونـە دەتوانێت وەک فەزایەکی جیاواز شرۆڤە بکات.
ئەو پێوەرانەی کە چەمکەکانی شـوناس و فەزای سایبێرنێتیک زەق دەکەنەوە بریتین لە:
- «شوناس» وەک سـەرچاوەی مانا و هەڵگری کەسیەتیی تاک و کۆمەڵگایە؛
- «شوناس» کاردانەوەیەکی دوولایەنەی هەم لە سۆنگەی تاکی و دەروونناسی و هەم لە سۆنگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە؛
- شوناسی نەتەوەیی، بەرزترین ئاستی شوناس لە هەر وڵاتێکدایە؛
- ناساندنەوە و دۆزینەوەی شوناسگەلی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ڕەوتی بەجیهانیبووندا ڕوودەدات؛
- شـوناس، لـە ڕەوتـی وەرگرتنـی کۆمەڵگە(جامعەپذیری)دا وەردەگیردرێت؛
- «فـەزای سـایبێر»، وەک کۆمەڵگایەک دێتە ئەژمار کە خەڵکانی نابینرێن؛
- فەزای سـایبێر، بە وتەی بەکاربەرانی ئازاد و ڕەها لە هەر کۆت و بەندێکە؛
- گەشـەی لە ڕادەبـەدەری فەزای سـایبێر و پەیوەندییـەکان، بـە بـاوەڕی بەشـێک لە لێکۆڵەران، سـنووری دەوڵەت-نەتەوە (nation-state) دەڕووخێنێ.

## ٣. «شوناس»[٥] لە فەزای سایبێر
لەم سـەدەیەدا، کـە بە سـەدەی تەقینەوەی زانیارییـەکان ناودێـر کـراوە، ئایا شوناسـی نەتەوەیـی و ئێتنیکـی، بـە هـۆی فـەزای «سـایبێرنێتیک»ەوە لە ڕووبەڕووبـوون لەگەڵ شـەپۆلی زەبەلاحی فەرهەنگی ڕۆژئاوا، تووشی توانەوە و ئاسمیلاسـیوونی فەرهەنگی دەبن یان ئەم فەزایە، دەرەتانێک بۆ ڕزگاربوون و پارێزەری لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆماڵی، بۆ گەلان و بە تایبەت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، دێنێتە کایە؟
لـە وڵامی ئـەم پرسـیارەدا دوو ڕوانگەی جیاوازهەیە. لە ڕوانگەی کەسـانێکەوە، گەشە و پەرسـەندنی خێرای پەیوەندییەکان لە ڕێگای میدیا و تۆڕە ئینتێرنێتییەکانەوە، بە شـێنەیی و لەسـەرخۆ، شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی کز و لاواز دەکا و ڕاکێشـان بەرەو شوناسـێکی نوێ دەخۆڵقێنێ کـە تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی یەکدەست و یەکڕەنگ پێکدەهێنێ. گەشبینان بڕوایان وایە کە پەرەسەندنی خێرای پەیوەندییـەکان، پەراوێزخـران و ناوچەگەرایی کەمڕەنگ دەکاتـەوە و هەمـوو فەرهەنگەکان

تێکەڵ بە فەرهەنگــی زاڵی جیهانی دەبن و لە یەکتر نزیک دەبنەوە.

«تۆر»[۶]، هیچ جۆرە ســنووورێکی «دەوڵەت-نەتەوە»[۷] ناناســێنێ و سنووورە نەتەوەیییەکان بە شــێوەیەکی رووڵەگەشــە، لە ژێرکاریگەریی فەرهەنگــی زاڵی جیهانی، بێ مانا دەکات. ئێمە لە شوێنێک دەتوانین پێکهاتەی لەش بین و لە شوێنێکی تر ڕۆح(دەوران، ۱۳۸۲، ۷۳).

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو ڕاســتییە کە «جیهانیبوون»[۸] بەمانای پێکهێنانی پەیوەندیی دوو لایەنە لە نیوان کۆمەڵگاکانە، «فەرهەنگ»[۹] لە زۆربواردا وەک ڕاستەوخۆترین، سەرەکیترین و بینراوتریــن تۆخمێکــە کە لــە ڕێگەی ئەم جــۆرە پەیوەندیانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەزموون دەکرێت(مۆحسنی، ۱۳۸۰، ۱۲۰).

لە لایەکی ترەوە ڕۆانگەیەک لەو باوەڕەدایە کە پەرەسەندنی خێرای زانیارییەکان و گەشەی لەرادەبەدەری فەزای سایبێرنێتیک، هەرچەندە تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی لەناوچوونی ســنوورە نەتەوەیییــەکان و هەموو خەڵکی جیهان بەرەو فەرهەنگێکی هاوبــەش ڕێنوێنی دەکات؛ بەڵام لەهەمان کاتدا، ئــەم تێکنۆلۆژییە نوێیە، دەبێتە هۆی ناسینەوەیەکی نوێ لە شوناسی نەتەوەیی گرووپە ئێتینکییەکان.

«کاستێلز» لاواز بوونی سنووورە نەتەوەیییەکان و سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان، بە ڕەوتێکی «هاوکاتــی»[۱۰] دەزانێ. بەم مانایە کە پەرســەندنی خێرای زانیارییەکان و دزەکردنی تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت لە ناخی فەرهەنگەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان، دەبێتە هۆی کزبوونی شوناسی نەتەوەییان. لە لایەکی ترەوە، هەمان نەتەوە بــە کەڵــک وەرگرتن لەم شــێوازە لە تەکنیک، خۆناســینەوەیەکی نــوێ لە خۆیان دەکــەن و لەم ڕێگەیەوە شــوناس و کەلتووری نەتەوەییان دەوڵەمەند و پارێزراودەکەن(دەوران، ۱۳۸۲، ۷۳).

لە کۆمەڵگایەکی نوێ کە خەریکی خۆنواندنە، ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی لە بەرهەمهێنانی دەسەڵات و هەروەها پەیوەندیــی کۆمەڵایەتیدا دەبینین. ئەم جۆرە لە ئاڵوگۆڕ، بە شــێوەیەکی بنەڕەتی، لە فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی «شوێن»[۱۱]و «کات»، ئاڵوگۆڕ پێکدەهێنێت کە ئاکامەکەی سەرهەڵدانی فەرهەنگێکــی نوێ دەبێ(مەدەدپــوور، ۱۳۸۳، ۶۱).

«کاســتێلز» دەڵێ هەرچەندە لە بەشــێکی زۆر لــە کۆمەڵگاکان، بە هــۆی زانیارییەکانەوە، هاوشێوەیەکی زۆر دەبیندرێ، بەڵام جۆراوجۆریی فەرهەنگی لە کۆمەڵگاکاندا هەروا وەک واقیعێکی بەرچاو خۆ دەنوێنــێ. بەم جۆرە یەکگرتوویی و یەکبوونی ژاپــۆن یان جیاواز بوونی ئێســپانیا لە جووڵەیەکی ســەرلەنوێ بەرەو نوێکردنەوەی جیهانــی، کە ئەم جــارە لە ڕێــگای خێرایی گەشەی ئینتێرنێت لە وڵاتەکان پێوانە دەکرێت، لە ڕەوتی لەنێوبردنی جیاوازییە فەرهەنگییەکان بێ ڕەنگ دەبێت(هەمان، ۶۲).

کاتێک تــوێرەکان «کات» و «شــوێن» لەناو دەبەن، خەڵک ناچار دەبن کە خۆیان بەشتانێکەوە ببەســتنەوە و شوناســی مێژوویــی خۆیــان بدۆزنەوە. ئەم جۆرە لە هەڵویســتی بەرەنگارانە لە ڕێگای ســازدانی هێمای فەرهەنگیی نوێ لە ڕێگای کەرەسە و مەوادی مێژوویی، دەکرێت بە سەرچاوەیەکی نوێی شوناس و مەعنا(مەدەدپوور، ۱۳۸۳، ۶۵).

لــە ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ وڵاتــی ئینتێرنێــت، مرۆڤ ڕووبەڕووی هێرشــی زانیاری و فەرهەنگگەلێــک دەبێتەوە کە تایبەت بە وڵات یــان نەتەوەیەک نین. ئەوەی کە هەنووکە پتر لە هەرشتێک لەبەرچاوە، شــێوەیەک لە وەرگرتنی پەیامی تۆڕە جیهانییەکانە کە هەر فەرهەنگ یان کۆمەڵگایەک وەریدەگرێ و خۆی لەگەڵی ڕادێنێ.

لە عالەمی واقیعدا، بۆ وێنە لە ناو گوندێک، بە هۆی نزیکیی جۆگرافیایی و هەڵسوکەوتی ئاسایی و ڕۆژانە، خەڵکان پەیوەندییەکی ســەپێنراویان هەیە؛ بەڵام لە فەزای مەجازیدا، پەیوەندییەکان هەڵبژێردراو دەبێ و تەنیا کەسانێک دەگرێتەوە کە خۆت بە باشیان دەزانی.

پەیوەندیی خەڵک لە گۆندێک، لەفەزایەکی واقیعیدا ڕوودەدات و شوناسێک کە خەڵک لە ڕێگای پەیوەندییەوە وەریدەگرن لەسەر ئەساسی سۆزی شوێنگەیە کە وا دەکا جۆرێک لە سۆزی نیشتمانی بەرانبەر بە ئاو و خاک، لە مرۆڤەکاندا چکەرە بکات؛ بەڵام لە فەزای مەجازیدا، پەیوەندییەکان هەڵبژێردراو دەبن، بۆیە جیا بوونەوەش زۆر ئاسانە و ئەم فەزایە شوناسخۆڵقێن نییە.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، لەبەر تیشکی گەشەی لەڕادەبەدەری تێکنۆلۆژیای زانیارییەکان و ئینتێرنێت، لە بواری فەرهەنگیدا تارادەیەکی زۆر شوناسەکانی تاکی، قەومی و نەتەوەیی لە ژێرشۆێنەواری شەپۆلی جیهانیبووندان، بەڵام ئەم کێشەیە بەو مانایە نییە کە خەڵک بەرانبەر بە شوناسە وەرگیراوەکانی خۆیان، دەستەوەستان دەبن؛ بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە فەزای مەجازی و دامەزراندنی ماڵپەرەکان و هەروەها وێبلاگە جۆراوجۆرەکان و هەنووکە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتێر و ... خەریکی سەرلەنوێ خوێندنەوەی شوناسی نەتەوەییی خۆیانن.

سەرهەڵدان و پەرسەندنی تێکنۆلۆژیای زانیاری بەتایبەت کەڵکی پڕ لە گەشە لە ئینتێرنێت، وای کردووە کە خەڵک بێ دڵەڕاوکێ و ترسی لەقاودانی شوناسی کەسیەتیان، لە هەموو دەرەتانەکانی ئینتێرنێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوبیر و هاونیشتمانەکانیان کەڵکی شایان وەربگرن.

هەنووکە لەو وڵاتانەی کە کەمینە نەتەوەییەکان، لە فەزای واقیعیدا دەرەتانی خۆناسینەوەی فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەییی خۆیانیان لەلایەن زۆرینەی باندەستەوە لێ زەوت کراوە و زۆرینەی باندەست، بە پاڵپشتیی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کەمینە نەتەوەییەکاندایە، فەزای سایبێر باشترین شوێنە کە دەرەتانی لەباری بۆ کەمینە نەتەوەییەکان ڕەخساندووە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو شوناسی نەتەوەییی خۆیان ببوژێننەوە و لە فەوتان بیپارێزن.

حکوومەت لە فەزای سایبێر دێمۆکراتیکە. لەم فەزایەدا دەرەتانی دەسراگەیشتن بۆ هەمووانە. هەرئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی دووربوون لە پاوانخوازی. هاوسەنگی لە پەیوەندییەکان، بیروڕای جیاواز و دژەناوەندە، هەروەها لەم کۆمەڵگایەدا ڕێز لە ئازادیی قسەکردن و ژیانی تاکی دەگیردرێ(وسووقی، ١٣٧٥، ٦٢).

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئینتێرنێت بۆ کەمینە نەتەوەییەکان، بۆ ورووژاندنی کێشەکانیان، دۆخی ئازادی و نزم بوونی ئاستی چاوەدێرییە؛ بە جۆرێک کە ئینتێرنێت لەچاو میدیاکانی تر، ئازادییەکی زۆرتر بە بەکاربەرانی دەبەخشێت(فەکووهی، عیاری، ١٣٨٤، ٢).

هەستی شوناسخوازی، وەک پێویستییەکی سۆزاوی و دەروونییە و بەڵێنی دەروونی بە ئەو، وەک تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ لە نێوان مرۆڤەکاندایە و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ئاست و پێوەری جیاوازدا، هەستی شوناسخوازیی خۆیان لە چوارچێوەی گرووپگەلی ئینسانی، پێناسە دەکەن(حافێزنیا، ٨٩، ١٣٩٠).

شوناس بە تایبەت شوناسی نەتەوەیی، هەڵگری داخواز و بەرژەوەندیی هاوبەشی گرووپێکی ئینسانییە لە وڵات یان شوێنێکی دیاریکراو. پێداگری لەسەر شوناس لە بەرانبەر هێرشی فەرهەنگیی ئەوانی تر، ڕەوتێکی بەردەوام و نەبڕاوەیە. ئەم پێداگرییە لە شوناسخوازی چ لە دنیای واقیعی و حەقیقی(actual) و چ لە دنیای مەجازی(virtual)دا بێت بە شێوازی هەمەجۆر لە ژیانی تاک یان گرووپێکی نەتەوەییدا، ڕەنگدانەوەی دەبێ.

## ٤. شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لێرەدا مەبەست لە کوردستان ئەو بەشە لە

وڵاتی کوردان دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندایە کە بریتییە لە پارێزگاکانی و رمێ، سنە، کرماشان و ئیلام.

لە وڵاتانی ئێران، تورکیە و سووریە، بە هۆی سیاسەتی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە کوردستان، هەڵاواردنی فەرهەنگی، دەرەتانی دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی شوناسی نەتەوەییی بۆکوردان لەفەزای واقیعی و جۆگرافیاییدا نەرەخساندووە، هەرچەندە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەرای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان، لە ماوەی دەسەڵاتی دوڵەتی مۆدێرن لە ئێران، هەموو هەوڵی خۆی داوە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی و گەشەی فەرهەنگی کەڵک وەرگرێت بەڵام بە هۆی سیاسەتی «نەتەوەسازی»[١٢] لە وڵاتی ئێران، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە ئێستادا کە لەسەر ئەساسی یەک زمان و یەک نەتەوە پێکهاتەی وڵات دارێژراوە، نەتەوەکانی جیا لە فارس، دەرتانی بووژانەوەی شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگییان لە فەزای سیاسیی ئەو وڵاتەدا بۆ نەرەخساوە و لەم ماوەیەدا لە فەزای واقیعیدا بە شێوازی جۆربەجۆر بەربەست و تەنگەژەیان بۆ سازکراوە.

بە خۆشییەوە تێکنۆلۆژیای ئینتێرنێت و پەرەسەندنی دنیای مەجازی هەلێکی لەباری بۆ ئەوخەڵکانە رەخساندووە کە خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن.

پانتاییی خێرای ئینتێرنێت لە ئاستی هەموو جیهان، فەزایەکی تا رادەیەک ئازادی بۆ خۆنواندن و ناساندنی هەمووتاقم و دەستەیەکی رەگەزی، ئایینی و کەمەنەتەوەیی خوڵقاندووە. هەرچەندە وەک فەزای واقیعی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی هەمەجۆر وەک هێزی سایبێری، کەم کردنەوەی خێراییی ئینتێرنێت و فیلتێرینگ، بەر بە گۆرینەوەی ئازادیی دەیتا دەگرێت؛ بەڵام خەڵکی شوناسخوازی کوردستان، بە باشترین شێوە، هەلی ئینتێرنێتیان بۆ رێکخستن و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیییەکانی خۆیان بەکارهێناوە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی داخراوبوونی فەزای سیاسی، لە ئەرزی واقیعدا کە دەرتانی تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی لە خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان زەوت کردووە، فەزای سایبێر و مەجازی، زۆر بە ئاسانی ئەو دەرەتانەی پێکهێناوە کە خەڵکانی نارازی و رەخنەگر و بەتایبەت شوناسخوازانی نەتەوەیی، لە هەموو کەرەستەکانی ئینتێرنێت بۆ خەباتی فەرهەنگی، سیاسی و نەتەوەیی و بۆ رێکخراوەیی کردنی خەبات، کەڵک وەربگرن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەرای کزبوونی خێراییی ئینتێرنێت و فیلتربوونی زۆرێک لە ماڵپەر و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بە خۆشییەوە لاوانی بەهەست و شوناسخواز، بە رێکخستنی ژوورەکان و گرووپگەلی هەمە جۆر، لە بواری کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئەدەبی و هونەریدا لەهەموو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی پاراستنی زمان و کەلتووری نەتەوەیی دەدەن.

لەو وڵاتانەی کە دەرتانی خەباتی رێکخراوەیی لەئەرزی واقیعدا زۆر ئەستەمە، باشترین شوێن بۆپاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی، فەزای سایبێر و ئینتێرنێتە. لە چەند ساڵی رابردوودا، بەهۆی پەرەسەندنی خێرای ئینتێرنێت، کورد بە باشترین شێوە، کەڵکی لە فەزای سایبێر وەرگرتووە. بۆ وێنە سەدان ماڵپەر لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە تۆری جیهانیی ئینتێرنێتدا دامەزراوە. دوابەدوای دامەزران و سەرهەڵدانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک، تویتەر، تێلگرام و ئینستاگرام، رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە چالاکترین شوێنەکانی ئێران بووە کە سەرەرای فیلتەر بوونی بەشێک لەم تۆرانە، هەموو خەڵک بەتایبەت لاوان، بە دانانی نووسراو و وێنە بە زمانی کوردی و هەروەها رێکخستنی گرووپگەلی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، چالاکییان نواندووە.

هەنووکە سەدان ماڵپەر و سایتی ئینتێرنێتی

لە بواری جۆراجـــۆر وەک هەواڵنێری، میدیایی، فەرهەنگی، سیاســـی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، بە هەمـــوو زاراوە کوردییەکان لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان خەریکی چالاکین. هەروەها بێجگە لـــە ماڵپەڕەکان، هەزاران کـــەس بە کردنەوەی پەیجـــی تایبـــەت و گرووپگەلـــی هاوبیـــر لە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێنـــاو بووژانەوە و گەشـــەپێدانی زمـــان و کەلەپـــووری نەتەوەیی چالاکی دەنوێنن.

«ئازەرنووش عەیاری» لـــە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی «شوناســـی ئێتنیکی لە ئینتێرنیتدا» کە لەسەر گرووپە ئێتنیکییەکان ئێران ئەنجامی داوە؛ ئامـــاژە بەو ڕاســـتییە دەکات کە تورکانی ئازەری و کـــوردەکان چالاکتریـــن گرووپگەلی ئێتنیکـــی لـــە پانتاییـــی ئینتێرنێـــت و فەزای ســـایبێری لەئاســـتی هەموو ئێراندان(عەیاری، ١٣٨٤).

«فەکووهی و عەیاری» لە لێکۆڵینەوەکەیاندا ئامـــاژە بـــەم ڕاســـتییە دەکەن کە لـــە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان بەم حەقیقەتە گەیشتوون کە زۆربەی داخوازە باســـکراوەکان لە ماڵپەڕەکانی تایبـــەت بە ئەقوام لە ئێران، لەسەرســـڕینەوەی هـــەڵاواردن و هەروەهـــا بەشـــێوەیەکی زەق کراو، لەســـەر زمـــان، ئاییـــن و وڵاتی هاوبەش (کەهەرقەومیەتێک لـــە قەومێکی ترجیاوازە) و هەروەهـــا پێکهاتنی حکومەتێکی فێدراڵیســـتی پێداگری کـــراوە. لەزۆربەی ماڵپەڕەکانی گرووپە قەومییەکانـــدا، بێجگـــە لە زمانـــی خۆیان، لە زمانەکانی تری فارسی و ئینگلیسی بۆ گەیاندنی داخوازەکانیـــان کەڵک وەردەگـــرن (فەکووهی، عەیاری، ١٣٨٤، ٧-٩).

ئێســـتا لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، فەزای مەجـــازی و تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان، هێڵـــی پەیوەنـــدی لە نێـــوان هەموو گەلـــی کورد لە پانتاییـــی کوردســـتان و جیهانـــی پێکهێناوە و لاوانی بەهەســـتی ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە باشـــی لـــە بارودۆخی سیاســـی، ئەمنـــی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیـــی هەرچوارپارچـــەی کوردســـتان ئـــاگادارن و لە بەرانبەر هەرچەشـــنە ڕووداوێک لە بەشـــەکانی تری کوردســـتان، بەهەڵوێست و شـــێلگیرانە یارمەتیـــدەری نەهامەتییەکانـــی گەلەکەیان دەبن و هەروەها بە سەرکەوتنەکانی گەلی کورد لەهەرشـــوێنێکی کوردستان شاد و خۆشحاڵ دەبن.

هێرشی داعش بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور و ئاوارەیی بەکۆمەڵی کورد لەو بەشانەی کوردســـتان و ڕۆڵ و قارەمانیەتیی پێشـــمەرگە و شـــەڕوانان لە بەرنگاربوونـــەوەی ئەو گرووپە تۆندئاژۆیـــە، ڕەنگدانەوەیەکـــی یەکجـــار زۆری لە نێـــو کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتاندا هەبوو. بێگۆمان میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان لە زەقکردنەوەی ئەوکارەساتە و هەروەها هاندانی خەڵک لەپێناو هاوسۆزیکردن لەگەڵ هاونیشتمانیانی باشوور و ڕۆژئاوادا هەبوو. دانانی دەیان کەمپەینی هاوکاری و هاوســـۆزی لەگەڵ لێقەوماوانی کۆبانی و شنگال، دەرەنجامی ئەو بانگەشانە بوو کە لە لایەن لاوانی بەهەستی ڕۆژهەڵاتـــەوە، لـــە تۆڕەکۆمەڵاییەتیەکانـــدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو.

## ٥. ئاکامی لێکۆڵینەوە

هـــەروەک ئاماژەمـــان پێ دا فـــەزای مەجازی دەتوانـــێ کاردانەوەیەکـــی دوولایەنەی هەبێت. لە لایەک بە پەرەســـەندنی هێما جیهانییەکان لە فـــەزای مەجازیدا، هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕووبـــەڕووی جۆرێک لە تێکلاویـــی فەرهەنگی دەبن و لـــە لایەکی تـــرەوە، هەرئـــەم فەزایە، بێ هیـــچ لەمپەرێـــک، دەرەتانـــی دۆزینەوە و بووژاندنـــەوەی فەرهەنگـــی و زیندووکردنەوەی شوناســـی نەتەوەیی بە ئەو کەمینە نەتەوەییانە دەبەخشـــێ کە خەریکی لەناوچـــوون و توانەوە لەناو فەرهەنگی زاڵدان.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوباســـانە کـــە کرا و لە وڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە، ئەم بۆچوونە دەســـەلمێندرێ کە فەزای ســـایبێر لـــە بواری شوناسەوە دەتوانێ ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەبێت.

لە فەزای مەجازیدا بە پێچەوانەی فەزای واقیعی کە بەشێک لە خەڵکان کە بە هۆی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەت، بەشێوەیەک توانای خۆنواندنیان نییە، بەئاسانی و بەشوناسێکی تازەوە دەردەکەوەن و بێ هیچ جۆرە دەڵەڕاوکێیەک لە زڕاندنی شوناسی کەسیەتییان، بەشوێن ئامانجەکانیاندا دەگەڕێن.

ئەمڕۆکە، سەرەڕای گەشەسەندنی خێرای فەرهەنگی جیهانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکان و لاوازبوونی بەشێک لە باوەڕ و دابونەریتەکان، بەڵام لە بەشێک لە وڵاتان بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگیان هەیە، شێوەیەک لە گەڕانەوە بەرەو فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی-ئێتنیکی دەبیندرێ کە لەم نێوەدا، فەزای سایبێرنێتیک بە هۆی گەشەی لە ڕادەبەدەر لە پانتاییی گەردوونی، ڕێگایەکی بێ تێچوو و ئاسانی بۆ نواندن و چالاکیی فەرهەنگی بۆ نەتەوەکان خۆڵقاندووە.

وڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە هەڵگری ئەم پەیامەیە کە ئەو وڵاتانەی کە دامودەزگای داپڵۆسێنەر دەرەتانی بووژانەوەی شوناسی نەتەوەیی لە کەمینە نەتەوەییەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی لە فەزای واقیعی و جۆگرافیاییدا زەوت کردووە و لە ئەرزی واقیعدا تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵدان بۆ ناسینەوەی شوناسی نەتەوەیی پڕتێچوو دەبێ، فەزای سایبێرنێتیک سەرەڕای مەترسیی توانەوەی فەرهەنگیی نەتەوە ژێردەستەکان لە نێو کەلتووری جیهانیدا، بەڵام لەهەمان کاتدا بە هۆی کەرەسە پێشکەوتووەکانی پەیوەندی، دەرەتانی خۆناسینەوەی فەرهەنگی و بووژانەوەی شوناسی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلە بندەستەکان و یەک لەوان گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕەخساندووە.

## سەرچاوەکان


۱-بوسا، ابو، (۱۳۸۵)، امپریالیسم سایبر، ترجمە:دکترپرویز علوی، نشرثانیە، تهران.

۲-حافظ نیا، محمد رضا، (۱۳۹۰)، جغرافیای سیاسی فضای مجازی، تهران، انتشارات سمت.

۳-حافظ نیا، محمدرضا، کاویانی، مراد، (۱۳۹۳)، فلسفه جغرافیای سیاسی، تهران، انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی.

۴-حقدار، علی رضا، فراسوی پست مدرنیته، اندیشه شبکه‌ای، فلسفه سنتی و هویت ایرانی، انتشارات شفیعی، تهران.

۵-دوران، بهزاد، (۱۳۸۲)، هویت ملی و تعامل درفضای سایبرنتیک، مجله نامه پژوهش، شماره ۶.

۶-رجایی، فرهنگ، (۱۳۸۲)، مشکله هویت ایرانیان امروز، نشر نی، تهران.

۷-شان پی، و یلبر، (۱۳۸۵)، هنر و فرهنگ دیجیتال، ترجمە: امید نیکفرجام، نشر بیناب، مجله هنر، شماره ۱۰.

۸-عزیزی، ستار، (۱۳۸۵)، حمایت ازاقلیتها درحقوق بین الملل، نشر نورعلم، همدان.

۹-گیدنز، آنتونی، (۱۳۷۸)، تجدد و تشخص، جامعه و هویت شخصی درعصر جدیده. ترجمه: ناصر موفقیان، نشر نی، تهران.

۱۰-گل محمدی ، احمد، (۱۳۸۲)، دمکراسی دیجیتال، مجله راهبرد، شماره ۲۸.

۱۱- عیاری، آذرنوش، (۱۳۸۴)، هویت قومی در اینترنت (بررسی عملکرد اینترنتی گروه‌های قومی آذری، بلوچ، ترکمن ، عرب خوزستانی و کرد)، استاد رهنما:دکترناصرفکوهی، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، پایان نامه کارشناسی ارشد.

۱۲- مجتهدزاده، پیروز، (۱۳۸۱)، جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی، انتشارات سمت، تهران.

۱۳- مجتهدزاده، پیروز، (۱۳۸۴)، دمکراسی و هویت ایرانی، فصلنامه اطلاعات سیاسی –اقتصادی، شماره ۲۲۱-۲۲۲.

۱۴- مانوئل، کاستلز، (۱۳۸۰)، قدرت هویت، ترجمه: چاووشیان، طرح نو، تهران.

۱۵- محسنی، منوچر، (۱۳۸۲)، جامعه شناسی جامعه اطلاعاتی، نشردیدار، تهران.

۱۶- مددپور، محمد، (۱۳۸۳)، فرهنگ و هویت در جامعه شبکه ای، مجله ره آورد نور، شماره ۹.

۱۷- وثوقی، فاطمه، (۱۳۸۵)، اینترنت، ناحیه‌ای بدون مرز، تحقیقات جغرافیایی، شماره ۴۳.

۱۸- مور، ریچارد کی، (۱۳۸۳)، دمکراسی و فضای سایبر، ترجمه: عبدالرضا زکوت روشندل، رسانه، شماره ۵۹.

۱۹- فکوهی، ناصر، (۱۳۸۸)، اینترنت و هویت درپنج هویت قومی ایرانی، مجله رسانه جهانی، شماره ۷.


## پەراوێزەکان

1. Wiener
2. Cultural Landscape
3. Time
4. Bit
5. Identity
6. Net
7. Nation-state
8. Globalization
9. Culture
10. Concurrency
11. Place
12. Nation-building